# لاشەی ژنان بۆتە گۆڕەپانی شەڕ

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

بەم ڕستەیەی سەرەوە نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان تەعبیری لە باری ژنانی جیهان کرد. ئایا دەکرێت تەنها ساڵی یەکجار ژنان وکێشەکانیمان بیر بکەوێتەوە؟!. کەی وە چۆن دەتوانین بەربەریەتی پیاوان بوەستێنین؟! رۆژ لەدوای رۆژ باری ژنان بەرەو خراپتر دەچێت. لەتەواوی جیهان دا ،ژنان بوونەتە گەورەترین قوربانی ئەم سیستەمە دڕندەیەی گلۆبالیزم و نیولیبرالیزم. هەرچەندە رۆژئاوایەکان دەیانەوێت بەجیهانی بسەلمێنن کە تەنها لای ئەوان ژن ماڤی هەیە و رێز لە قودسیەتی ژنان دەگرن ، لێ راستیەکان بەشێوەیەکی تر دەردەکەوێت. ئەمڕۆ ئەوروپا بۆتە گەورەترین بازاڕی بازرگانی ژنفرۆشی واتە( کۆیلایەتی سەردەمی نوێ) .ملیۆنەها ژنی رۆژهەڵاتی ئەوروپا، بوونەتەخواردنی ماڤیا رەسمی و نارەسمیەکانی رۆژئاوا. لە چەند وولاتێکی ئەوروپا شەرعیەتیان بەم بازرگانیەش داوە بۆ نموونە لەهۆڵەندە بەناوی لیبرالیزمەوە هەزاران کلوپ و مەلهای سێکسی دانراوە. کەخۆی لەخۆیدا بازرگانی کردنی بەلەشی ژنەوە گەورەترین تاوانە ، لێ لە هۆڵەندای لیبرالیزم!! ئەم پیشەیە شێوەیەکی یاسایی تەواوی وەرگرتووە و بۆتە کاسپیەکی حەلالی ئەم وولاتە مرۆڤ دۆستە!، سەیر لەوەیە هۆڵەندیەکان لەهەمووکەس زیاتر هێرش دەکەنە سەر ئیسلام، گوایە ماڤی ژنان پێشێل دەکات ، لێ ئەم بەرێزانە لە خەلیفە ئیسلامیەکان خراپتر هەڵسوکەوت لەگەڵ ژن و جەستەکەی دەکەن. لەئەڵمانیا رۆژ لەدوای رۆژ توندوتیژی لەدژی ژنان( لەناو ماڵ و جێگای کار و شوێنە گشتیەکان) زیاتر دەبێت. جگەلەوەی ئەڵمانیا گەورەترین بازارو جێگای سەوداکردنە بەلاشەی ژنانەوە. پێش دووساڵیش حکومەتی ئەڵمانیا کاری لەشفرۆشی رەسمی کرد و باج لەو ژنانە دەستێنێت کەئەم کارانە دەکەن. ئەمەش هێندەی تر بازرگانی ژن فرۆشی گەرمتر کرد . بەس تەنها بۆ کاتی مۆندیال هەتاوەکوو ئێستا زیاتر لە 14 هەزار ژنیان بۆ کاری لەشفرۆشی کڕیوە. راستە راوێژکاری ئەڵمانی مێرکل ژنە ، لێ ئەم خانمە زۆر لەپیاوەکان پیاوانەترە . لە ئەمەریکای لاتین زۆرترین حالەتی توندوتیژی لەدژی ژنان تۆمارکرا. تەنها لە گواتیمالا رەسمیەن ساڵی پار 1900 ژن کوژراون ، تەنها لە 6 حاڵەتدا تاوانبارەکان دادگایی کراون . واتە 1894 ژن کوژراون بێ ئەوەی تاوانباران بگیرێن یان دادگایی بکرێن . جێی ئامازەیە کە ئەم وولاتە ماوەی 36 ساڵە لە ترازیدیای شەڕی ناوخۆدا دەژی ، کە( هۆی سەرەکی ئەم شەرەش ئەمەریکا بوو) ، وولاتێکی کاتۆلیکی و دواکەوتووە. ئەمەریکا کە دەرسی وولاتە عەرەبیەکان دەدات ، ژن خراپترین وەزعی هەیە . توندووتیژی وای کردووە کەبەشیکی زۆری خێزانە ئەمەریکیەکان ترسیان لەناردنی کچەکانیان بۆ قووتابخانەکان بێت ، چونکە توندووتیژی ناو قووتابخانەکان ئێجگار ترسناک بووە.دیارە لە کیشوەرە رەشەکەی ئەفەریقاش، بەهەمان شێوە ژنان قوربانی سەرەکی ترازیدیاکانی ئەم کیشوەرەن، ( برسێتی و شەڕو ئایدزو نەخۆشی تر ) . لە هەمان کاتیشدا گەورەترین قوربانی ( خەتەنە کردن) ی تێدا تۆمارکراوە ،ساڵی پار3 ملیۆن کچی منداڵی ئەم کیشوەرە خەتەنە کراون . راستە هەندێک رێکخراوی مرۆڤ دۆست و ژنان لەم بوارەدا ئەکتیڤن ، لێ ئەمانیش کارێکی وایان بە ئەنجام نەگەیاندووە. لە کۆمارە شۆڤێنی و راسیزمەکەی توورکیش ،ساڵی پار بە گەورەترین بەربەریەتی پۆلیسی رۆژی 8 مارسی پیرۆز کرد . وەحشیەتەکە هێندە گەورە بوو ، کە ئەوروپا نەیتوانی لە پێشیل کاریەکەی پۆلیسی توورکی خۆش بێت ، ئەوەبوو چەندین رێکخراوی حکومی و ناحکومی ئەم کارەیان مەحکووم کرد . ژنانی کوردیش لەم وولاتە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەورەترین قووربانی تیرۆری ئەم حوکمەتە فاشستەن . هێشتنەوەی ناوچە کوردیەکان بە دواکەوتوویی ، هێندەی تر وەزعی ژنانی خراپ کردووە ، چونکە هەتاوەکوو ئێستاش مۆراڵە دواکەووتویەکانی فیئودالیزم بەرقەرارە. ژنان لە کوردستانیش هەمان وەزعی دەستە خوشکانیان هەبوو. رۆژانە گوێمان لە کوشتنی ژنان دەبێت، کە ئەم دیاردەیە وای کردووە بگاتە ئەوروپا و شۆرەتێکی زۆر خراپیشی بۆ گەلی کورد دروست کردووە . جگە لە شووی زۆرە ملێ کە هەتاوەکوو ئەمرۆش هەرباوە، توندووتیژی خێزانی بەردەوامە ،سووتاندن و خۆکوشتنی ژنان لەزیادبووندایە.
ئەوەی جێگای داخە ، ئەمرۆ چەند کەسانێک پەیدا بوون دەیانەوێت بەم کێشەیەوە نانی چەوریان لای دەسەڵاتداران دەستبکەوێت . لەهنیدستان و چینیش ، لەباربردنی منداڵی کچ لەزۆربووندایە . حکومەتی چین سیاسەتێکی نائینسانانە پێڕەو دەکات ، دەیەوێت ژمارەی ژنان لە پیاوان کەمتر بکاتەوە . هەربۆیە کوشتنی منداڵانی کچ یاساییە. لێ لە هەمووی سەیرتر ،ئەم دیاردەیە لە بەشێکی زۆری خێزانە دەوڵەمەندەکانی هیندستاندا بڵاوە.
هیوادارم کە8 مارس کەمێک پیاوان بێنێتەوە هۆش خۆیان و ، بەربەریەتی پیاوان دژ بە ژنان کەمبکاتەوە. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی ئەو ژنە قارەمان وپیرۆزانەی ،کەبوونەتە قووربانی بەربەریەتی پیاوان .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com